# پەندی پێشینان، تێڕوانینێكی سینتاكسی، پراگماتیكی (توێژینەوەیەكی شیكارییە)

**شێركۆ حەمەئەمین قادر**
بەشی زمانی كوردی، كۆلێژی پەروەردەی شارەزور، زانكۆی هەڵەبجە، هەڵەبجە، هەرێمی كوردستان، عێراق.
**ئیمەیڵ:** Sherkohamamin@gmail.com

## پوختە:

ئەم توێژینەوەیە، بە ناونیشانی (پەندی پێشینان، ڕوانینێكی سینتاكسی – پراگماتیكی) ڕۆنانی پەند و نیشانە پراگماتیكییەكان، كرۆكی توێژینەوەكە پێكدەهێنن، و لە هەردو ئاستی سینتاكس و پراگماتیكدا هەوڵدەدات شیكردنەوەی پەندی پێشینان بكات. ئەم توێژینەوەیە وەڵامی ئەم پرسیارەش بە ئامانج دەگرێت، كە ئایا كام جۆری ڕستە لە پەندی پێشناندا زیاترە و نیشانە پراگماتیكییەكانیش چۆن كاردەكەن؟ بۆ ئەم مەبەستەش پەنا براوەتە بەر ڕێبازی ئاماری شیكردنەوەی ڕستەكان و تیۆری بەرهەمهێنان و گوێزانەوەش لە شیكردنەوە سینتاكسییەكاندا پشتی پێبەستراوە.

توێژینەوەكە لە دوبەش پێكهاتوە، پەیڕەوی لە ڕێبازی شیكاری پەسندی دەكات، بەم شێوەیە:

بەشی یەكەم: سەرەتا باسی پەند و تایبەتییەكانی و بەراوردی، بە هەندێك ژانەری تری ئەدەبی فۆلكلۆر كراوە.

بەشی دوەم: لایەنی كارەكانی توێژینەوەكەیە، ڕۆنانی پەندی پێشینانی كوردی و جۆرەكانی ڕستە بەپێی ڕۆنان خراونەتەڕو، پاشان نیشانە پراگماتیكییەكان و چۆنییەتی كاركردنییان لە پەندی پێشیناندا، بە نمونەوە شیكراونەتەوە و دیاریكراون.

لە كۆتایشدا، ئەنجام و لیستی سەرچاوەكان و كورتەی توێژینەوەكە بە زمانەكانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتەڕوو.

**كلیلە وشەكان:** پەندی پێشینان، نیشانە پراگماتیكییەكان، شیكردنەوەی سینتاكسی.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper1 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

## پێشەکی:

پەیوەندی زمان و ئەدەب، جێی بایەخی لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان بوو، بەتایبەتی دوای پێشکەوتنی زانستی زمان و لێکترازاندنی ئاستەکانی زمان، بەمەبەستی لێکۆڵینەوە و بونیاد و چۆنیەتی کارکردنی هەر ئاستێکی زمان و چونەناویەکیان، وردتریش دوای سەرهەڵدانی وەچە ئاستی پراگماتیک لێکۆلینەوەی ژانەرە ئەدەبییەکان لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە زیاتر گەشەی کردوە، ئەم لێکۆڵینەوەیەش هەر لەو چوارچێوە و مەبەستەدایە.

پەندی پێشینان، وەک ژانەرێکی ئەدەبی فۆلکلۆر، بەکارهێنانیکی بڵاوی، لە ئاخاوتنی ڕۆژانە و ناو خەڵکدا هەیە، جگە لەوەی لێکۆلینەوەی کەم وسنورداری، لەبارەوە کراوە، کەرەستەیەکی زۆری لێکۆڵینەوەی بواری پراگماتیکیشە، لەو ڕوانگەیەوە ئەم لێکۆڵینەوەیەمان ئەنجامداوە، کە لە دوو بەش پێکهاتوە و کەرەستەکانی، لە زمانی ئاخاتنی ڕۆژانەی قسەپێکەرانی ناوچەی سلێمانی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست وەرگیراون، و ڕێبازی شیکاری وەسفی پەیڕەوکراوە، و توێژینەوەکە هەوڵدەدات وەڵامی ئەم پرسیارەش بداتەوە، کە ئایا کام جۆری ڕستە لە پەندی پێشناندا زیاترە و نیشانە پراگماتیکییەکانیش چۆن کاردەکەن؟ بۆ ئەم مەبەستەش پەنا براوەتە بەر ڕێبازی ئاماری شیکردنەوەی ڕستەکان و تیۆری بەرهەمهێنان و گوێزانەوەش لە شیکردنەوە سینتاکسییەکاندا پشتی پێبەستراوە.

بەشی یەکەم، لە چەند پارێکدا، کە لایەنی تیۆری دەربارەی پەند و پراگماتیک و زانیارییە پێویستەکانی، لە خۆگرتوە، کە بۆ بەشی دوەمی لێکۆڵینەوەکە بنەمان.

بەشی دوەمدا، پەندەکان، لە ڕوی پێکهاتە و واتای پراگماتیکی، بەتایبەتی نیشانکارە کەسییەکانەوە، شیکراونەتەوە.

لە کۆتایشدا، ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و کورتەی توێژینەوەکە بە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتەڕوو.

## بەشی یەکەم

### ١-١: سەرەتا

ئەم بەشەی توێژینەوەکەمان، بۆ ناساندنی پەندی پێشینان و تایبەتییەکانی و ڕۆنانی دەخەینەڕو، پاشان سەرەتایەکی پراگماتیک و نیشانکارەکان، وەک پێویستی و بنەمای بەشی دوەم باس دەکەین.

### ١-٢: پەندی پێشینان

ئەدەب، بەشیوەیەکی گشتی دەکرێت، بە دوو لقی سەرەکییەوە، ئەوانیش ( ئەدەبی نوسراو، ئەدەبی فۆلکلۆر یان زارەکی ) ن، پەندی پێشینان ، لە چێوەی دوەمیاندایە، هەمو میللەتانی دونیا ئەم ژانەرە ئەدەبیەیان هەیە، کە دەربڕی ئاوەزمەندی و دنیابینی و سەلیقەیانە، بۆ دەوروبەر و ژیانیان و سەرەتای دەستپێکردنی ئەدەبی گەلانە. سەرچاوە و لێکۆلەرانی بواری ئەدەبی فۆلکلۆر پێناسەی جیاوازیان، لە بارەی پەندی پێشینانەوە نوسیوە و لەتەک مەتەڵ، گۆرانی، گاڵتەوگەپ، داستان ....، بە ژانەرێکی ئەدەبی فۆلکلۆریان داناوە. (عیزەدین مستەفا


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper1 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

ڕەسوڵ: ٢٠١٠: ٨٦) نوسەر ، لە باسکردنی بەشەکانی ئەدەبی میللیدا، تیشکی خستۆتەسەر پەند و وەک بەشێک، لە ئەدەبی فۆلکلۆر سەیریکردوە.

عەلی مەعروف، بەمجۆرە پێناسەی پەندی پێشینانی کردوە: عیبارەتن، لە چەند قسەیەکی کورتی کوردیی پێکەوەنوسێنراون، کە مەعنایەکی بەرزیان هەیە. ( عەلی مەعروف شارەزوری: ١٩٨١: ٩)

نوسەر، لە هەر دوو ڕوی پێکهاتە و واتاوە سەیری پەندی کردوە، بەوەی کورت و خاوەن واتایەکی قوڵن، کە وردبونەوەیان دەوێت، تا لێیان تێبگەین.

یان پەندی پێشینان، بریتییە، لە بەرهەمێکی زۆر کۆنی خەڵک، ئەم پەندە هەمیشە لە لای گەلانی سەرەتایی و سادە فەلسەفەی ڕاستەقینەیە لە کاری ڕەوشت و خوەوە، هەموو ڕاستییەک، هەموو ڕوداوێکی ژیانی ئادەمیزاد هەموو کردارێک، چاک یان خراپ، هەموو گەیشتنە ئەنجامێک کە میللەت گەیشتبێتی، دەربارەی هەرچییەک بێت، دەچێتە تەرازوی پەندی پیشینانەوە ( شوکریە ڕەسوڵ و جەلال تەقی: ١٩٨٤: ١٢)

ئەم پێناسەیە، بەتەواوی، لە ڕوانگەی ئەدەبی فۆلکلۆرییەوە کراوە و لایەنی ناوەرۆک و واتای پەندی، لە خۆگرتوە.

یان (پەندی پێشینان، فەلسەفەی ژیان و دەنگی تاقیکردنەوەی جیهان و بەری ڕەوانبێژییە، کە باوباپیران لە هەزاران ساڵەوە، بە کەلەپورێکی وێژەیی بۆیان بەجێ هێشتبوین تا بیان کەین بەئاوێنەی بالآنما بۆخۆمان) (شێخ محمدی خاڵ: ١٩٧١: ٢٤)

نوسەر، لە ڕوانگەی ڕیشەی پەندی پێشینان و ناوەرۆکی پەندەکانەوە، کە ئاوێنەی ژیان و وانە و سەلیقەی پێشینانن، لەگەڵ بەکارهێنانی هونەرەکانی ڕەوانبێژی، لە چنینی پەندەکاندا، لە پەندی پێشینانی ڕوانیوە. واتە جگە، لە دیدێکی ئەدەبی و بەستنەوەی، بە پیشینان و ئەدەبی فۆلکلۆرەوە، لە ڕوانگەی ڕەوانبێژیشەوە، سەیری پەندەکانی کردوە، بەپێی زمانەوانی نوێ هونەرەکانی ڕەوانبێژی دێنەوە ناو زمان و لە ڕوانگەی زمانەوە شیدەکرێنەوە، بەم پێیە دەتوانیین بڵێین، لە ناو پێناسەکاندا، ئەمەیان تا ڕادەیەکی زۆر بنەمایەکی زمانیشی تێدایە.

## ١-٣: تایبەتییەکانی پەندی پێشینان:

پەندی پیشینان، وەک ژانەرێکی ئەدەبی فۆلکلۆر، لە ڕوی ڕوخسار و ناوەرۆکەوە چەند تایبەتییەکی هەیە، بەمجۆرە:

یەکەم: لە ڕوی روخسارەوە:

١- زمانێکی سادە و ڕەوانیان هەیە و زمانی زۆرینەی خەڵک و هەژار و زەحمەتکێشانی نیشتمانن، چونکە هەڵقوڵاوی ژیانی ڕۆژانە و ڕوداوەکانی ژیانیانن، هەر چەندە وشەی عەرەبیشی تێدابێت، ئەوەش دەربڕی ئەو ڕاستییە،کە زمانی ئاخاتنی رۆژانە بەکارهاتوە، وەک:

– گۆشتی لا ڕانی خۆت بخۆیت، لە ،منەتی قەساب باشترە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper1 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

وشەکان سەرجەمیان، ئەوانەن، کە لە ژیانی ڕۆژانە و ناو بازاڕ و شوینی کاردا، لەناو زۆرینەی خەڵکدا بەکاردێن وتێگەیشتنیان زۆر ئاسانە.

٢- هەندێکییان توانای ئەوەیان تێدایە، کە بە شیعر دەرببڕدرێن ( بێستون ئەحمەد: ٢٠١٨:٣٣)  وەک:

حەوتی بمرێ، لە باوان

کلی سورمەی نابڕێ لەچاوان

لەم ڕووەوە، پەندەکانی پیرەمێردی شاعیر دیار و بەرچاون و سامانێکی باشی ئەدەبی میللەتەکەمانن، کە کاتی خۆی، لە ڕۆژنامەی (ژین)دا، بڵاوی کردونەتوە و پاشان، لە چەند بەرگێکدا چاپ کراون، (ڕەفیق ساڵحی: ١٩٨٨: ٥) وەک:

لە دووی سیاسەت خۆت مەخەرە بەند

ریوی قەواڵەی پێ بوو، پێستیان کەند

دوشمنی ناوخۆت ڕەگ دەردە کێشی

دار پوازی لە خۆی نەبێ  ناقلیشێ

دیارە ئەم دوو پەندە، لە ناو خەڵکدا و بەفۆرمی ئاسایی، لەناو خەڵکدا بەمجۆرەن:

هەتا ریوی قەواڵەی خۆی خوێندەوە،کەوڵیان کرد

دار پوازی لەخۆی نەبێ، ناقلیشێ

٣- وەک چۆن، لە ئەدەبیشدا، بەزمانی ئاژەڵ و گیاندارانەوە چیرۆک و گێڕانەوە هەیە، دیارترین نمونەش ( کلیلە و دیمنە ) یە، هەر بەو جۆرەش بەشێکی پەندەکان بەزمانی ئاژەڵ و گیاندارانەوە وتراون و گوزارشت، لە مرۆڤ دەکەن، وەک:

هەمو تەیرێک گۆشتخۆرە، کەچی هەر ناوی باز بەدناوە.

٤- پەندی پێشینان، بەگشتی لە فۆرمی ڕستەدان، هیچ پەندێک نییە، لە فۆرمی گرێدابێت، ڕستەکانیش سادە یان ناسادەن، کە لە (١-٤)دا  ڕۆنی دەکەینەوە.

## ٤-١: ڕۆنانی پەندی پێشینان:

ڕۆنان، بریتییە، لە چۆنیەتی چونەپاڵیەکی دانە زمانییەکان، بۆ دروستکردنی دانەی، لە خۆیان گەورەتر، واتە هەموو ڕۆنانێکی زمانی، لە چەند دانەیەکی زمانی وردتر پێکهاتوە، پەندەکانیش خاوەنی ڕۆنانی تایبەتی خۆیانن، کە بەشێوەیەکی گشتی (پەندەکان ڕستەی تەواون) (بێستون حەسەن ئەحمەد، ٢٠١٢، ٧٨).

بەمجۆرە:

١- رستەی سادە، بەشێکی زۆری پەندی پێشینان، لە ڕوی پێکهاتنەوە، لە ڕستەی سادە پێکهاتون، وەک:

خوا کڵاوی بۆ بەڕوو کردوە.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper1 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

ڕستەی سادە، لە زمانی کوردیدا، ئاسایی، لە ( بکەر و کردار یان بکەر ، بەرکار، کردار ) دروست دەبێت، هەندێ جاریش، بەمەبەستی زنیاری زیاتر گەیاندن و دەرخستنی لایەنێکی شاراوەی کردار و وەسفکردنی ئاوەڵکردار، لە ڕۆنانی ڕستەکەدا، بەشدار دەبێت، وەک لە نمونەکەی سەرەوەدا هاتوە، بەم جۆرە:

بکەر + بەرکار ( جێناوی ڕێککەوتن ــی-) + گرێی بەند + کردار

ئەم نمونانەش پەندی پێشینانن، لە فۆرمی ڕستەی سادە، و لە هەردوکیانیشدا، لە ڕۆنانی سەرەوەدا بکەر دەرنەکەوتوە.

ئاسنی سارد دەکوتێ.

ئاخوڕی خۆی لێگۆڕاوە.

٢- ڕستەی ناسادە

ڕستەی نادسادە، لە زمانی کوردیدا، دەکرێت، بە دوو جۆرەوە، ئەوانیش:

- ڕستەی لێکدراو

- ڕستەی ئاوێتە یان ئاڵۆز

یەکەم: ڕستەی لێکدراو

ڕستەی لێکدراو، لە دو ڕستەی سادە یان زیاتر پێکدێت، کە بەهۆی ئامراز یان بەبێ ئامراز دروست دەبێت، وەک:

- دیاکۆ هات و دەریا ڕۆشت.

بەئاسانی دەتوانیین، بۆ دوو ڕستەی سادە کەرتی بکەین، بەبێ ئەوەی واتا و مەبەست و لایەنی ڕێزمانی ڕستەکان تێک بچێت، بەمجۆرە:

دیاکۆ هات.

دەریا ڕۆشت.

بەپێی واتا و جۆری ئامرازەکانیش، کە وشەی ئەرکیشی پێ دەوترێت، لە ڕوی ناوەرۆکەوە، جۆری ڕستەکە دیاری دەکرێت، وەک: ( جیاکاری / بەراوردکاری / پەیوەست .... ) وەک:

- چا دەخۆیتەوە یان ساردی . جیاکاری یان هەڵبژاردن

- منداڵ هەر چەندە بچوکە، بەڵام خەون و خولیای گەورەیە. بەراوردکاری

ئێستا ئەم جۆرانە، بۆ ناو پەندی پیشینان دەگوێزینەوە و نمونەکان لەوێوە وەردەگرین، وەک:

نان بۆ نانەوا بەڵام گۆشت بۆ قەساب.

لە بنەڕەتدا، پەندەکە، بەم جۆرەیە: نان بۆ نانەوایە بەڵام گۆشت بۆ قەسابە.




DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper1 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

چونکە، لە زمانی کوردیدا، ڕستە بەبێ کردار دروست نابێت، کرداری ئەم ڕستە لێکدراوەش، کە ڕۆنانی پەندێکی پێشینانە، ڕەگی چاوگی (بوون) بۆکاتی ئێستا (ـە)، کە بەهۆی ئاسانکاری و زمانی ڕۆژانەوە، لە هەر دوو کۆتایی ڕستە سادەکەدا، لەتەک ئامرازی لێکدەری (بەڵام) کرتێنراون و پەندەکە فۆرمی ئێستای وەرگرتوە:

- نان بۆ نانەوا، گۆشت بۆ قەساب.

بۆ ڕونکردنەوەی زیاتر و بەگوێرەی تیۆری بەرهەمهێنان و گوێزانەوە، ڕستە لە دوپێکهێنەری سەرەکی (گرێی ناوی و گرێی کاری) پێکدێت. با لەم هێڵکارییە بڕوانین:




(بڕوانە: سەباح ڕەشید قادر، ٢٠٠٩، ٢٣)

هەمان شیکردنەوەی هێڵکارییانە، بۆ ڕستەی (گۆشت بۆ قەساب)یش گونجاوە.

با، لەم نمونەیەش وردبینەوە، کە پەندێکی پێشینانە و لە فۆرمی ڕستەی لێکدراودایە:

- جام دەڵێت، بشکێم بەڵام نەزرنگێم.

ئەم پەندی پێشینانە، کە لە فۆرمی ڕستەی لێکدراودایە، ئامرازی لێکدەری (بەڵام) بەشداری ڕۆنانی ڕستەکەی کردوە، بەو هۆیەوە ڕستەیەکی لێکدراوی بەراوردکاری دروستکردوە، بەوەی بەراوردی، لە نێوان هەر دوو کرداری (بشکێم) و (بزرنگێم)دا کردوە، کە یەکەمیانی لە دوەمییان لا پەسەندترە.

- کاسە هاوسێ/ دراوسێ سک تێرناکات بەڵام خۆشەویستی زیاددەکات.

یەکێک، لەو کلتورە جوانانەی، لە کۆندا، باوبو، کاسە دراوسێیەتی بو، لەو بارەوە ئەو پەندە وتراوە، پەندەکە، لە ڕوی ڕۆنانەوە، ڕستەیەکی لێکدراوی پێچەوانەیە، کە بەهۆی ئامرازی لیکدەری ( بەڵام ) بەشداری ڕۆنانەکەی کردوە.

- بوکێ لەگەڵ تۆمە، خەسو گوێت لێبێ.

ئەم پەندە، ڕستەیەکی لیکدراوە، هەر چەندە ئامرازی لێکدەری (و) بەهۆی ئاسانکاری و زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەوە کرتێنراوە، بەهۆی ئامرازەکەشەوە ڕستەی لیکدراوی پەیوەستی دروستکردوە، لە بنەڕەتدا، بەمجۆرەیە:

- بوکێ لەگەڵ تۆمە و خەسو گوێت لێبێ.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper1 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

دوەم: ڕستەی ئاوێتە/ ئاڵۆز

ڕستەی ئاوێتە یان ئاڵۆز، لە ڕوی ڕۆنانەوە هەمیشە، لە دوو پارچە پێکدێت، شاڕستە و پاڕستە، یەکەمیان سەرەکییە و خاوەنی واتا وسەربەخۆیی خۆیەتی بەڵام دوەمییان، کە پاڕستەیە خاوەنی سەربەخۆیی خۆی نییە و بە شاڕستەوە گرێدراوە و بەبێ ئەو واتا ناگەیەنێت و تەواونابێت، وەک:

- ئەو نەهات، چونکە نەخۆشبوو.

ئەو نەهات. شاڕستەیە

چونکە نەخۆشبوو. پاڕستەیە

بەگشتی، لە ڕستەی ئاوێتەدا، ئامرازی گەیەنەر، لەگەڵ پاڕستەدا دەردەکەوێت و دەبێتە بەشێک، لە پاڕستە و بەهۆی ئامرازی گەیەنەرەوە، بەئاسانی جیادەکرێتەوە.

- کەچەڵ تیمار کەر بوایە، تیماری سەری خۆی دەکرد.

ئەم پەندی پێشیانە، لە ڕوی ڕۆنانەوە ڕستەیەکی ئاوێتەیە و لە شاڕستە ی (سەری خۆی تیماردەکرد) و پاڕستەی ( کەچەڵ تیمارکەر بوایە) پێکهاتوە، هەر چەندە، ئامرازی گەیەنەری (ئەگەر)، کە شوێنی سەرتای پاڕستەکەیە، بەگشتی دەکرتێنێت، بەڵام بەهۆی خوێندنەوە وواتاوە، بەئاسانی دەتوانرێت هەست بەبونی بکرێت، ڕستەکەش بەهۆی بریتییە، لە مەرج و وەڵامی مەرج، لە بنەڕەتدا، بەمجۆرەیە:

- ئەگەر کەچەڵ تیمارکەر بوایە، تیماری سەری خۆی دەکرد.

با، لە پەندێکی تر وردبینەوە، کە ڕستیەکی ئاوێتەیە و ڕۆنانی ، لەوانی پیشوو، جیاوازترە، بەمجۆرە:

- ڕێوی دەمی نەدەگەیشتە بەرسیلە، کەچی دەیوت، ترشە.

ئەگەر سەیری ئەو ڕستە ئاوێتەیە بکەین، ئەوا دەبینیین، لە ڕوی ڕۆنانەوە، لە ڕستەکانی پیشوو، جیاوازە بەوەی، لە شاڕستەیەک و دوو پاڕستە پیکهاتوە، بەمجۆرە:

ڕێوی دەمی نەدەگەیشتە بەرسیلە شاڕستە

کەچی دەیوت پارستەی ١

ترشە پاڕستەی ٢

ئەم ڕستە ئاوێتەیە، بە سێ قۆناغی کرتاندن و فرێدانی کەرەستەدا، ڕۆشتوە، هەتا ئەو ڕۆنانەی وەرگرتوە، کە ئێستا، لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە و ناو خەڵکدا بەکاردێت،بەمشێوەیە:

هەنگاوی یەکەم: کرتاندنی ئامرازی گەیەنەری (کەچی)

هەنگاوی دووەم: کرتاندنی بکەری ڕستەکە، لە پارستەی یەکەمدا (ڕێوی)

هەنگاوی سێیەم: کرتاندنی بکەری ڕێزمانی پارستەی دووەم (بەرسیلە)



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper1 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

پاڕستەکەش، لە جۆری ئاوەڵکرداری هۆییە، چونکە هۆی ڕونەدانی کرداری شاڕستەکەی ڕونکردۆتەوە، ئێستا پەندەکە، لە ناو خەڵک و کردەی گەیاندندا، بەمجۆرەی خوارەوە بەکاردێت:

– ڕێوی دەمی نەدەگەیشتە بەرسیلە، دەیوت، ترشە.

با لە نمونەیەکی دیکە وردبینەوە، کە دیاردەی سینتاکسی باس (Topic) لە پەندەکەدا ڕوندەکاتەوە:

– تاقانە، یان شێتە یان دێوانە.

ئەم پەندە کە لە فۆرمی ڕستەی لێکدراودایە، لەسەر بنەمای ڕستەی باس بۆ (باس و خواس) دابەشدەبێت، بەم جۆرە:

تاقانە (باس)

یان شێتە یان دێوانە (خواس)

باس وەک زاراوەیەکی تایبەت بەرانبەر (Topic) بەکارهاتوە، هەندێک دەیگێڕنەوە بۆ لایەنگرانی قوتابخانەی پراگ، (فێرباس) ١٩٦٤ و (دانیش) ١٩٦٨، کە باس و خواس لە یەکتری جیادەکەنەوە، باس ئەو بەشەی ڕستەیە، کە باسی لێدەکرێت و ئاسایی زانیاری کۆن دەردەبڕێت، خواسیش ئەو شتە دەگرێتەوە، کە لەبارەی باسەوە دەگوترێت، یان دەدرێتە پاڵی و زانیاری نوێ دادت بە دەستەوە، کە زۆرجار، بەهۆی گۆڕینی ڕیزبونی کەرەستەکانی ڕستە و هێز و ئاوازەوە دەنوێنرێت. (بڕوانە: محەمەد مەعروف فەتاح، ٢٠١٠، ٣٢٩). بەڵام هەندێکی دیکە دیگێڕنەوە بۆ سەرەتای قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گویزانەوەوە و بەتایبەتی بۆ لای (Hocket) ١٩٥٨. (بڕوانە: کاروان عومەر قادر، ٢٠٠٨، ١٦)


هەر لە پارچەی باسدا، کەرەستەیەک کرتێنراوە و لە ڕۆنانی سەرەوەدا دەرنەکەوتوە، کە بریتییە، لە ناوی گشتی (منداڵ)، واتە لە بنەڕەتدا خواس گرێیەکی ناوییە و لە ڕۆنانی ژێرەوەدا، لە دیارخەر و دیارخراو پێکهاتوە، (منداڵی تاقانە). بەم پێیە لە ڕۆنانی سەرەوەدا تەنها دەرخراوەکە دەرکەوتوە.

دوای ئەوەی خستنەڕوو و شیکردنەوەی نمونەکان، ئەوە هەڵدەهێنجین، ڕۆنانی پەندی پێشینان، بەگشتی ڕستەیە، بەهەرسێ جۆری (سادە، لێکدراو، ئاوێتە) ئەمەش سیما و تایبەتییەکی پەندی پیشینانە، کە لە بابەتەکانی تری ئەدەبی فۆلکلۆری و دەربڕاوە چەسپاوەکانی تری زمانی کوری جیادەکاتەوە، بەتایبەتی ئیدێۆم و قسەی نەستەق، کە لە فۆرمی وشە، فرێز،ڕستەی سادەدا، لە زمانی کوردیدا، دەردەکەون.

لە ئەنجامی شیکردنەوەی پەندەکان و دابەشبونییان بەسەر جۆرەکانی ڕستەدا، دەرکەوت، کە ڕستەی ئاڵۆز/ ئاوێتە، ڕیژەی زۆرینەی ڕۆنانی پەندەکان پێکدێنێت، وەک لەم چارتەدا دەردەکەوێت.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper1 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021




جگە لەم ١٥٠ پەندە کە لە کتێبی پەندنی پێشینانی شێخ محەمەدی خاڵ وەرگیراوە، نمونەی پەندەکانی دیکەی ئەم توێژینەوەیەش بە نزیکەیی ڕاستی ئەم ڕێژەیە دەردەخەن. لە کۆی ٣٢ نمونەدا، بەم جۆرەیە:

ڕستەی سادە: ٩

ڕستەی لێکدراو: ٥

ڕستەی ئاڵۆز: ١٨

## بەشی دووەم

### ٢-١: سەرەتا

لەم بەشەدا، وەک پێش دەستییەک، نیشانکارە پراگماتیکییەکان دەخەینەڕوو، پاشان بەهێنانەوەی نمونەکان و شیکردنەوەیان، ڕۆڵ و ئەرکی نیشانکارەکان دیاریدەکەین.

### ٢-٢: نیشانکارە پراگماتیکییەکان:

پراگماتیک، وەک وەچەئاستێکی واتا، لە شیکردنەوەی دیاردە زمانییەکاندا، ڕۆڵی دیاری هەیە، بەتایبەتی لەو بابەتانەی لێکدانەوەیان پێویستیان، بە دەوروبەر هەیە، هەر لەم ڕێگەیەشەوە، پراگماتیک، بە بەشێک، لە زمانەوانی دادەنرێت. (محمد معروف: ٢٠١١:١٨٣)

سەرەتا، بابزانیین، مەبەست، لە نیشانە پراگماتیکییەکان چییە؟


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper1 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

نیشانە پراگماتیکییەکان، ئەو وشانەن یان ئەو بەشانەی ئاخاوتنن، کە لەهەندێک باردا، بەهۆی دەوروبەرەوە، کات و شوێن و هاوبەشەکانی ئاخاوتن دیاریدەکەن. (هۆگر محمود: ٢٠٠٠ : ٦)

- ئەو دوێنێ ڕۆیشت.

لەم ڕستەیەدا، جێناوی سەربەخۆی (ئەو) لەگەڵ ئاوەڵکرداری کاتی (دوێنێ) هەر دووکیان نیشانەی پراگماتیکین، چونکە بۆ تێگەیشتن، لە هەردووکیان و دەستنیشانکردنییان و زانینیان، پێوسیتمان، بەدەوروبەر و کاتی وتنەکە و بۆنە و کەسانی بەشداربووی گوتن و بۆنەکە هەیە، بەگشتی نیشانکارەکان هەرجارەی ئاماژە بۆ کەس و کات و ....، دەکەن.

پەندی پیشینانیش، ئەو ژانەرەی ئەدەبی فۆلکلۆرە، کە بەکارهێنانی چالاک و بڵاوی، لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا هەیە و بۆ لێکدانەوە وتێگەیشتن لێی، هەمیشە پێویستی بەوەیە، کە بەدەوروبەر وزانیاری دنیاییەوە بیبەستینەوە. پراگماتیک، کۆمەڵێک کەرەستە و دانەی خۆی هەیە، لە ناویاندا، نیشانکارەکان، کە بنەمای ئەم تویژینەوەیەن و لە پەندەکاندا، ئەرک و ڕۆڵ و بەشدارییان دیاردەکەین، نیشنکارە پراگماتیکییەکان ئەمانەن:

١- نیشانە کەسییەکان

٢- نیشانەکانی شوین

٣- نیشانەکانی کات

٤- ئامراز/ نیشانەکۆمەلایەتییەکان( محمد معروف : ٢٠١: ١٩٩-٢٠٠٣) (هۆگر محمود: ٢٠٠٠ :٧)

## ٢-٣: تایبەتییەکانی نیشانکارە پراگماتیکییەکان

نیشانە پراگماتیکییەکان، وەک هەر دانەیەکی زمان، چەند تایبەتییەکیان هەیە، کە ئەمانەن:

١-تایبەتییەکی دیاری ئەم نیشانانە ئەوەیە، کە بەهاو نرخێکی جێگیریان نییە، بەڵکو نرخیان، لە گوتنێکەوە یان دەوروبەرێکەوە بۆ دەوروبەرێکی تر دەگۆرێت، چونکە هەر جارەی ئاماژە بۆ کەسێک یان شتێک دەکەن، واتە، لە رستەدا، شوێن بۆ کەرەستەی تر دەگرن، بەتایبەتی جێناوەکان، وەک:

- ئێستا، تۆ سەلکی سیری، قنچکی پیازی؟ ....

جێناوی سەربەخۆی کەسی دوەمی تاک (تۆ) بەپێی گوتن و دەوروبەرەکەی هەر جارەی ئاماژە، بۆ کەسێک دەکات و بۆ کەسێکی دیاریکراونییە.

٢-ئەو زانیارییانەی ئەم نیشانە پراگماتیکییانە دەیانگەیەنن، کاتێک گرنگی و سەنگیان دەردەکەوێت، کە خۆیان ، لە گوتنەکدا، نەبن، بۆ نمونە تێبینی ناو دوکانێک، وەک:

- تکایە، لەپێشدا، پارە وەردەگرین.

ئەم ئاگادارییە، کە واتای ئەوەیە، قەرز نیە، بۆ کەسێکی دیاریکراونییە، بەڵکو هەر کەس بیخوێنێتەوە، ڕوو، لەوە و ئەو دەگرێتەوە.

- زمان بوەستێت، سەر سەلامەتە.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper1 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

ئاماژە نییە، بۆ کەسێکی دیاریکراو، بەڵکو هەر کەسێک دەگرێتەوە، کە بەهۆی قسەکانییەوە، کێشەی بۆ دروست بوە یان دەبێت.

٣- ئەم نیشانانە، بۆیە بە ئامرازی پراگماتیکی دادەنرێن، چونکە ئەرکی سەرەکییان ئەوەیە، کە بەشیوەیەکی سەرەکی شوین و کات و هاوبەشەکانی گوتن دیاریدەکەن، واتە گوتن بە دەوروبەرەوە دەبەستنەوە، یان لەگەڵ دەوروبەر جوتیدەکەن، هەر چەندە خۆیان وەک هەر کەرەستەیەکی تری زمانی واتا وبەکارهێنانیان هەیە، بەڵام لەم ئەرکەدا، لە هەر دوو سنوری واتا وپراگماتیکدا، کاردەکەن. (محمد معروف فتاح: ١٩٥: ٢٠١١) (Yule:1996:9)

وەک:

- ئەم کاسە بێ ژێر کاسە نییە.

واتە، ئەم ئیشە یان ئەم کارە، لە خۆوە نەکراوە وخەڵکانی تری لە پشتەوەیە و لە دوای ئەم مەبەستە ئاشکرایەوە، مەبەست و ئامانجێکی تری شاراوە هەیە.

## ٢-٤: شیکردنەوەی نیشانە پراگماتیکییەکان، لە نمونەی پەندی پێشینانداا

وەک، لە (٢- ٢)دا نیشانە پراگماتیکییەکانمان خستە ڕوو، چوار دانەن، لە خوارەوە، لە نمونەی پەندی پێشینان‌دا، شییان دەکەینەوە:

### یەکەم: نیشانە کەسییەکان

١- ڕۆڵی هاوبەشەکانی ئاخاوتن، لە بارێکدا دیاری دەکەن.

٢- کەسی یەکەم، بۆ قسەکەر، کەسی دوەم، بۆ گوێگر، کەسی سێیەم، یان کەسانی سێیەم، بۆ نائامادە بەکاردێن، وەک:

-من دەڵێم نێرە، ئەو دەڵێ بیدۆشە.

ئەگەر سەیری ئەم پەندە بکەین، دەبینین، هەر دوو جێناوی کەسی سەربەخۆ ( من - ئەو ) بۆ کەسی یەکەمی قسەکەر و کەسی سێیەمی نامادە، وەک دوو نیشانەی پراگماتیکی بەکارهاتون، لە دەوروبەرێکەوە بۆ دەوروبەرێکی تر دەگۆڕێن، چونکە هەر جارەی ئاماژە، بۆ کەسێک دەکەن و هاوبەشەکانی قسەکردن، بەخێرایی دەگۆڕێن.

- ئەوەی، لە مشک بێت، جەواڵ دەدڕێت.

جێناوی کەسی سێیەمی سەربەخۆ ( ئەو ) لەگەڵ هەر دوو جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاک ( ێت ) لەگەڵ کرداری ناتەواوی ( بێت ) و کرداری رانەبوردوی تێپەڕی ( دەدڕێت ) هەرسێکیان نیشانەی پراگماتیکین و بەکارهێنانیان، بەپێی دەروبەر دەگۆڕێت و هەر جارەی ئاماژە، بۆ کەسێک دەکەن.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper1 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

٣- ئەم نیشانانە، بەکارهێنانی ئاماژەیی و نائاماژەییان هەیە، بەکارهێنانی نائاماژەیی، بە سیمانتیک لیکدەدرێتەوە و بەکارهێنانی ئاماژەییش، لە چێوەی پراگماتیکدایە. ( محمد معروف: ٢٠١١: ١٩٦)، با لەم پەندە وردبینەوە و بەکارهێنانی نائاماژەیی، کە پێویستی، بە جوڵەی ئەندامێکی جەستەیە، ڕونبکەینەوە:

- [ تۆ ] ئەڵێی، لەسەر ئاگریت. (شێخ محەمەدی خاڵ، ١٩٨٤، ٤٨)

بۆنمونە، ئەگەر ئەم پەندە، لەدەوروبەرێکی بەمجۆرەدا بوترێت، دوو کەس، لە گفتوگۆدان و کەسی دوەم زۆری پەلەیە و هەر، بەپێوەیە و دانانیشێت، یان دەیانەوێت، بۆ شوێنێک بڕۆن و کەسێکییان زۆر پەلەیەتی کەسی قسەکەر، بە ئاماژەی دەست، بە گوێگر دەڵێت:

ئاتۆ دانیشە/ ئا تۆ بوەستە: ئەڵێی، لەسەر ئاگریت.

لەم کاتەدا، قسەکەر، بۆ ڕونکردنەوەی زیاتر و وەک بەشێک، لە ئاخاوتنەکە، لەگەڵ بەکارهێنانی پەندەکەدا، بە دەستەکانیشی ئاماژە، بۆ گوێگر یان کەسی دوەم دەکات .

٤- ئاماژە، بۆ کەس تەنیا، لە ڕێگەی جێناوەکانەوە ناکرێت، دەکرێت، لە ڕێگەی ناوی گشتی و نازناوەوە بکرێت، وەک، لە نمونەکانی خوارەوەدا، ڕونی دەکەینەوە:

- برامان برایی، کیسەمان جیایی.

بەکارهێنانی نازناوی (برا) نیشانەیەکی پراگماتیکییە و بەپێی دەوروبەری ئاخاوتنەکە، هەر جارەی دەگۆڕێت، کە مەبەستی کێیەو ئاماژە، بۆ کێ دەکات.

- بۆیە پیت دەڵێم مامە، هەتا چۆلەکەم بۆ بگریت.

دیسان، لەم پەندەشدا، بەکارهینانی (مامە) وەک ناوێکی گشتی،بەکارهێنانێکی پراگماتیکییە و مەبەستەکەی، بەپێی دەوروبەر دەگۆڕێت و هەر جارەی ئاماژە، بۆ کەسیک دەکات.

## دوەم: نیشانەکانی شوێن:

نیشانەکانی شوێن، لە ڕوانگەی پراگماتیکەوە، بەم جۆرەیە: ئەو کەرەستە زمانی و نازمانی و نیشانانەن، کە ڕاشکاوانە یان پەنامەکییانە، لەکردەی گەیاندندا، دەبنە نیشانە وهێمان، بۆ گەیاندنی چەمکی شوێنی ویستراو بەپێی مەبەستی قسەکەر و بەیاریدەی باری وتن و دەوروبەری گشتی. ( قیس کاکل: ١٩٩٥: ٤٥) بەم پێیە، نیشانەکانی شوێن، دەکرێت، کەرەستەی زمانی بن، وەک ناوی شوێن، جێناوەکان....، دەشکرێت، کەرەستەی نازمانی بن، واتە قسەکەر، لەکاتی قسەکرندا، بە ئاماژە شوێن دیارییکات، وەک:

- ئەوەتانێ، نایبینیت ؟

ئەم گوتنە،کاتێک دەیبەستینەوە، بەدەوروبەرەوە، ئەوە ڕوندەبێتەوە، کە قسەکەر، بەئاماژەی دەستەکانی شوێن دیاریدەکات و ئاماژەی بۆ دەکات.

نیشانەکانی شوین، چەند تایبەتییەکیان هەیە:


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper1 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

١- ئەم نیشانانە، شوێنی گوتن، لە چاو شوێنی هاوبەشەکان دیاریدەکەن.

٢- ئەم نیشانانە، بەزۆری بەهۆی ئامرازەکانی نیشانەکردن و ئاوەڵکرداری شوێنەوە، بەڕیوە دەچن.

٣- دوو جۆرە ئاماژەکردنی شوێن، لە ئارادایە:

ئەلف: ناوهێنان بێ: دیاریکردنی شوێن، لە چاو خاڵێکی نەگۆردا (محمد معروف: ٢٠١١: ٢٠٠)

لەبەرئەوەی کەرەستەکانی ئەم توێژینەوەیە، پەندی پیشینانە، ئێستا، لە چەند پەندێک وردەبینەوە و نیشانەکانی شوێن، لەو دەربڕاوە چەسپاوانەدا، شیدەکەینەوە:

- ئەڵێی ئاشی ئاو لێ کەوتوە.

ئەم پەندە، لەکاتکدا دەوترێت، کە قسەکەر خۆی دەکات، بە تەوەری قسەکردن و شوێن، لە چاوی خۆیەوە یان لە شوێنی وەستانی خۆیەوە دیاریدەکات، واتە هەرچەندە ناوی شوێنێکی دیاریکراو نەهاتوە، بەڵام کاتێک دەوروبەری، بۆ دروست دەکەین، ئەوا شوێنەکە ڕوندەبێتەوە، کە قسەکەر مەبەستی ئەو جێگایەیە، کە لەو کاتەدا قسەکەی تێدا دەکەن، کە شوێنێکی چۆڵە، وەک چۆن ئاشی ئاو، کە ئاوی لێ دەبڕێت، چۆڵ دەبێت و کەس باراشی، بۆ نابات.

پێچەوانەی ئەو پەندە، زۆر جار شوێن ، بەئاشکرا دیاری دەکرێت و ناوی دێت، وەک:

- خۆڵی بەرکەنوی خۆت بخۆیت، لە پلاوی بێگانە باشترە.

- ریوی خۆی نەدەچو بەکونەوە، هەژگێکشی بەخۆیەوە بەستبو.

کاتێک،لەم دوو پەندەی سەرەوە ورد دەبینەوە، دەبینین، هەر دوو ئاوەڵکرداری شوێنی( بەرکەنو- بەکونەوە) وەک، دوو نیشانەی پراگماتیکی بەکارهاتون، کە ئاماژە بۆ شوێن دەکەن، دوو شوێنی دیاریکراو،کە یەکەمیان (بەر کەنو) مەبەستی ئەوەیە، هەر ولاتی خۆت یان ماڵی خۆت، لە شوێنی تر باشترە، دوەمیشیان(بەکونەوە) مەبەستی، لە شوێنی بچوک و تەنگە، کە جێی خۆت نەبێتەوە، خەڵکی تریش، لەگەڵ خۆت بێنێت.

- بەرد، لە جێی خۆی سەنگینە.

گرێی ئاوەڵکرادری (جێی خۆی) لەم پەندی پیشینانەدا، وەک نیشانەیەکی پراگماتیکی بەکارهاتوە، کە هەر جارەی ئاماژە، بۆ شوێنک دەکات و بەپێی دەوروبەر و قسەکەر، لە ڕوانگەی خۆیەوە شوینەکە دیاری دەکات. بۆ نمونە، دەگونجێت مەبەست مالی خۆت یان ولاتی خۆت یان شاری خۆت بێت، بەراورد، بەو جێگایەی، کە کاتی قسەکردن تێیدایت، یان گوێگری تێدایە، واتە قسەکەر خۆی دەکات، بەتەوەر و لە چاوی خۆیەوە، ئەوانی تر دیاری دەکات.

- ئەو شوینە خۆشە، کە دڵ لێی خۆشە.

ئەم پەندی پێشینانە، کەلە ڕوی ڕۆنانەوە، ڕستەیەکی ئاوێتەیە، گرێی ئاوەڵکرادری (ئەو شوێنە) کە بەکارهێنانیکی ئاماژەییە و پێکهاتەکەی بەم جۆرەیە:

جێناوی نیشانەی : ئەو ......... ە دەرخەر

شوین : ئاوەڵکاری شوین دەرخراو



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper1 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

بەکارهێنانی ئەم ئاوەڵکردارە، بەکارهێنانێکی پراگماتیکی ئاماژەییە و مەبەست لێی جێگایەکەی دیاریکراو نییە، بەڵکو ئەو جێگایەیە،کە قسەکەر، لە چاوی خۆیەوە و لەسەر بنەمای منیزم دەست نیشانی دەکات. واتە، ئەم شوینە، بەراورد، بە هاوبەشەکانی ئاخاوتن قسەکەر/ گوێگر دیاری دەکرێت و ڕون دەبێتەوە.

- ماڵ، لە خۆیدا نەبوو، میوانیش ڕوی تێکرد.

بەکارهێنانی وشەی (ماڵ) وەک ناوێکی گشتی، بۆ شوێن، لەم پەندی پیشینانەدا، کەلە ڕوی ڕۆنانەوە رستەیەکی ئاوێتەیە، وەک نیشانەیەکی پراگماتیکی شوێن بەکارهاتوە، کە ئاماژە، بۆ شوێنی قسەکەر دەکات، واتە ئاماژەکردنەکەی دەگۆڕێت و هەر جارە و بەپێی شوێنی قسەکەر دیاری دەکرێت، ئەم بەکارهێنانەش ئاسایی، لەگەڵ ئەرکی نیشانە پراگماییکییەکان جوت دەبێت، کە ئەمانەیان شوێنی قسەکەر، لەگەڵ هاوبەشەکانی ئاخاوتن دیاری دەکەن.

## سێیەم: نیشانەکانی کات:

نیشانە پراگماتیکییەکانی کات، ئەوانەن، کە کاتی قسەکردن یان وتن، لە بارێکدا دیاری دەکەن، لەهەر وتنێکیشدا، دەشێت، دوو جۆر کات هەبێت، وەک:

١- کاتی وتن (ڕودانی کاتی وتن)

٢- کاتی مەبەستی ناو وتن، یان دیاریکردنی کات، لە ناو وتندا ( هۆگر محمود: ٢٠٠٠ : ٩٢)

زۆر جاریش، هەر دوو کاتی وتنەکە، دەبنە بەیەک و جوت دەبن، بەتایبەتی، لە کردە قسثییەکاندا، یان ئەو کردارانەی کاتی وتن و ئەنجامدانییان یەک کاتە و جوت دەبێت، وەک:

- سوێند دەخۆم، بەڵێن دەدەم هەر ئێستا ئەو کارە بکەم، وادێم.

محمد معروف فتاح، لەبارەی نیشانەکانی کاتەوە دەڵێت: ئەوانەن،کە کاتی وتن یان قسە، لە بارێکدا دیاری دەکەن، دوو جۆر کاتیشی جیاکردۆتەوە (کاتی ڕودانی کاری وتن، کاتی وتنەکە خۆی) (محمد معروف: ٢٠١١: ٢٠٢)

پێوسیتە، دوو جۆر کات جیابکرێتەوە، وەک چۆن دوو جۆر ڕەگەزیش جیادەکرێتەوە، نێرومێی سروشتی و نیرومێی ناو ریزمان، کە بەهۆی مۆرفیمەوە دەنوێنرێت، کاتیش دوو جۆرە:

١- کاتی فیزیکی

٢- کاتی ناو ڕێزمان، کە بەهۆی مۆرفیم یان نیشانەکانی کاتەوە دەنوێنرێت.

وەک، ئاماژەمان بۆ کرد، نیشانەکانی کات، کاتی وتن، لە بارێکی دیاریکراودا، دیاری دەکەن، بۆ ئەوەی بزانیین، ئەم نیشانە پراگماتیکییانە، لە پەندی پیشیناندا، چۆن بەکارهاتون، لە خوارەوە، چەند نمونەیەک شیدەکەینەوە:

- ساڵ، بەساڵ، خۆزگەم، بەپار .

وشەکانی (ساڵ، پار) وەک دوو ناوی کات، کە ئەرکی ئاوڵکرداری کاتیان بینوە، هەر دوو کیان نیشانەی پراگماتیکین، چونکە کاتی قسەکەر دیاری دەکەن و دەیبەستنەوە، بەکاتی ئاخاوتن و هاوبەشەکانییەوە، کە مەبەستی ئەوەیە، ساڵ دوای ساڵ بارودۆخ ناخۆشتر دەبێت، لەم کاتەدا، ئەم پەندە بەکاردێت.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper1 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

– ماڵی سپی، بۆ ڕۆژی ڕەش.

ئاوەڵکرداری کاتی (ڕۆژی ڕەش) وەک، نیشانەیەکی پراگماتیکی کات، بەکارهاتوە، بەوەی هاوبەشەکانی ئاخاوتن، لە دەوروبەرێکدا، کاتەکە، بەراورد، بەکاتی فیزیکی دیاری دەکەن، چونکە تەنیا، لە دەوروبەردا دەردەکەوێت، کە مەبەست، لە (ڕۆژی ڕەش) چ کاتێکە، ئەمەش بەکارهێنانیکی پراگماتیکیە، بەوەی هەر جارەی ئاماژە، بۆ کاتێک دەکەن، نەک کاتێکی دیاریکراو، کە ئاشکرابێت.

با، لە چەند نمونەیەکی تریش وردبینەوە و بزانیین، کات، وەک نیشانەیەکی پراگماتیکی، لە پەندەکاندا، بەکارهاتوە:

– دوای باران، فەرەنجیم بۆچییە.

– بزن، بۆ شەوێک جێی خۆی خۆشدەکات.

– وەی، لەو خوێنەی شەوێکی بەسەردا دەڕوات.

.................................................

نمونەکانی سەرەوە و زۆر پەندی پیشینانی تریش، لە ڕۆنانیاندا، کەرەستە زمانییەکانی دەربڕی کات، وەک نیشانەی پراگماتیکی بەکارهاتون، دوای وردبونەوە، لە نمونەکان، ئەوە دەردەکەوێت، کە بەگشتی، وەک نیشانەی پراگماتیکی بەکارهاتون.

## چوارەم: نیشانە کۆمەڵایەتییەکان:

جۆرێکی دیکەی ئامرازە پراگماتیکییەکان، نیشانە کۆمەلایەتییەکانن، کە بریتین، لەو نیشانانەی ، کە پلە و پایەی قسەکەر وچین وتوێژی و ئاستی ڕۆشنبیری و پیشە و ڕەگەزی و تەمەنی و باری خزمایەتی و نزیکی و دوریی و یەکسانی ونایەکسانی، لە چوارچێوە زمانییەکدا، بەپێی هەلومەرجە نابەرانبەرییەکانی دەسەڵات و هاوکاری، لەگەڵ گوێگردا، لە ڕێی وتنەوە، بەپێی دەوروبەریان دیاریدەکەن. (هۆگر محمود: ٢٠٠٠: ١٤٠)

واتە، کۆی نیشانە کۆمەلایەتییەکان، زانیاری لەبارەی هاوبەشەکانی ئاخاوتنەوە دەگەیەنن، کە دەکرێت، بڵێین، زانیارییان، لە هەناوی خۆیاندا، هەڵگرتوە.

محمد معروف فتاحیش، بەمجۆرە پێناسەی نیشانە کۆمەڵایەتییەکانی کردوە: ئەو کەرەستانەن، کە جیاوازی کۆمەڵایەتی هاوبەشەکانی ئاخاوتن نیشان دەدەن، یان ئەو لایەنانەی گوتن، کە تیایاندا، ڕاستییە کۆمەڵایەتییەکان ڕەنگ دەدەنەوە . (محمد معروف: ٢٠١١: ٢٠٣)

بە پێی پێناسەکان، نیشانە کۆمەڵایەتییەکان ئەرکیان، لە گەیاندنی زانیاری، لەبارەی هاوبەشەکانی ئاخاوتن و ڕاستییە کۆمەڵایەتییەکانیانەوەیە، بەپێی پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو کۆمەڵەی تێایدا، بەکاردێن.

نیشانە کۆمەلایەتییەکان، بەگشتی چەند کەرەستەیەکی زمانیین، دیارترینیان جێناوەکان، ناوی تایبەتی، نازناو، ئەو وشانەی، کە پلەی ڕێزلێنان یان خزمایەتییان تێدایە، وەک:

– ئەلێی حەمە قەدۆی موسڵە/ خۆ من حەمە قەدۆی موسڵ نیم.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper1 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

ئەم پەندە، کە لە ڕوی ڕۆنانەوە ڕستەیەکی ئاوێتەیە، ناوی تایبەتی (حەمە قەدۆ) وەک نیشانەیەکی کۆمەڵایەتی و پلەی ڕێز تێیدا، بەکارهاتوە، چونکە ئەم بەکارهێنانە، بۆ کەسێکی دەوڵەمەند و خاوەن سامانە. واتە، ئەم پەندە، لە کاتێک و دەوروبەرێکی ئاخاوتندا، لە نیوان هاوبەشەکاندا، بەکاردێت، کە قسەکەر یان ڕێز لە بەرانبەر/ گوێگر دەنێت، یان لە خۆی، چونکە بەو جۆرە مەبەست دەگات و بەکارهێنانێکی پراگماتیکی دەنوێنێت.

– خوا، لە سوڵتان مەحمود گەورەترە.

وردبونەوە، لەم پەندی پێشینانە، ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە بەکارهێنانی ناوی تایبەتی (سوڵتان مەحمود) وەک نیشانەیەکی پراگماتیکییە و قسەکەر دەیەوێت، بە هاوبەشەکانی ئاخاوتن بڵێت، گەر چی ئەوەی قسەی لەبارەوە دەکرێت/ قسەلەبارەوە کارو یان خودی گوێگر هەر چەندە، بەدەسەڵات و خاوەن پایە و ئامرازەکانی حوکمی ترسانک بێت، وەک (سوڵتان محمود) ئەوا خوا هەیە و لەسە رو هەمومانەوەیە و ئەو مافمان وەردەگرێت، واتە ناوی تایبەتی (سوڵتان محمود) وەک نیشانەی پایە و دەسەڵات و ڕاستییە کۆمەڵایەتییەکە بەکارهاتوە، بۆیە نیشانەیەکی پراگماتیکییە.

–بوە، بە خوێنەکەی سیاوەیش / سیاوەحش هەر نەبڕایەوە.

ئەم پەندە، کاتێک بەکاردێت، کە بابەتەیک یان کیشەیەک زۆر بخایەنێت و کۆتایی نەیەت و لایەنەکان هەر، لە سەری بڕۆن و بچنە وردەکاری و نەسازێن، لەم کاتەدا، پراگماتیکییانە بەکاردێت، بەهۆی بەکارهێنانی ناوی تایبەتی (سیاوەیش/ سیاوەحش)وە دەبێت، کە وەک نیشانەیەکی کۆمەڵایەتی بەکاردێت، دیارە، لە بنەڕەتی چیرۆکەکەوە دەردەکەوێت، کە (سیاوەیش/ سیاوەحش) کەسێکی دیار وخاوەن پایەبوە، بۆیە هەر لەسەری ڕۆشتون و خوێنەکەی دوای مردنی هەر کۆتایی نەهاتوە، واتە ناوە تایبەتییەکە، لە کۆمەڵدا وله ناو هاوبەشەکانی ئاخاوتندا، نواندنی پایە و ڕێزە.

– ئەڵێی کچە جافیان، بۆ دابەزاندوە/ پەلەی چیتە، خۆ کچە جافیان بۆ دانەبەزاندوی؟

ئەم پەندەش، گرێی ناوی (کچە جاف) وەک نیشانەیەکی پراگماتیکی بەکارهاتوە، کە ئاماژەیە، بۆ هاوبەشێکی ئاخاوتن و چواندنی، بە کچە جاف، بەمجۆرە پایەی کۆمەڵاتی هاوبەشەکانی ئاخاوتنیان دیاریکردوە.

هەر، لەو چێوەیەدا، وەک نیشانەیەکی کۆمەڵایەتی، بۆ لێکچواندن و نیشاندانی پایەی کۆمەڵایەتی هاوبەشەکانی ئاخاوتن، ئەم پەندە دەوترێت:

– ئەڵێی، خەرمانی چینە.

زۆر جار، لەگەڵ ئەم پەندانەدا، وەک نیشانەی بانگکردن وشەکانی ( کاکە، برا، خاڵە یان ئەرێ کابە/ ئەرێ برا .... ) لەسەرەتای پەندەکە و وەک دانەیەکی پراگماتیکی بەکاردێن.وەک:

– خاڵە، ئەلێی حەمە قەدۆی موسڵێت.

– ئەرێ برا، ئەمە بوو بە خوێنی سیاوەیش هەر نەبڕایەوە.

دەکرێت، ئەم نیشانە کۆمەڵایەتییانە، لە بری ڕێز، بۆ توانج و شکاندن بەکاربێن، ئەوەش دەوروبەری ئاخاوتنەکە دیاری دەکات، چونکە هەمیشە پراگماتیک، وەک چەکێک وایە بەدەستی قسەکەرەوە، مەبەست و ئامانجەکانی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper1 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

خۆی، بەپێی دەوروبەر و بارودۆخی ئاخاوتنەکە پێ دەپێکێت، هەر وەک چۆن سیاسەتی پراگماتیکیس هەیە، کە لەگەڵ بارودۆخ و بەپێی بنەمای بەرژەوەندی کار دەکات. بۆنمونە، ئەگەر دەوروبەرەکە، بەو جۆرە بێت، کە بەردەوام کەسی قسەکەری یەکەم، هەر باسی کەسێکی نزیکی یان هاوژینی بکات، یان بەگشتی زوو بڕواتەوە ماڵەوە و پەلەی بێت، لە کۆمەڵی کوردیدا،کەسی هاوبەشی دوەمی ئاخاوتن، لە وکاتەدا، ڕەنگە، بە توانجەوە، بڵێت:

– ئاها، خەرامانی چینە.

– پەلەی چیتە، خۆ کچە جافت، بۆ دانەبەزیوە.

پەندی پیشینان، وەک ژانەرێکی چالاکی ئەدەبی فۆلکلۆر، لە کردەی ئاخاتن و گەیاندنی مەبەستەکانی مێشکی هاوبەشەکانی ئاخاوتندا، کەرەستەییەکی زۆری لێکۆڵینەوەن،لایەنی زمانی وسینتاکسی پەند و شیکردنەوەیی پراگماتیکییانە توێژینەوەی زۆر سنورداریان، لەبارەوە کراوە، ئەم توێژینەوەیە، هەوڵیکی ئەو بوارە بو، کە بەئەم ئەنجامانەی خوارەوەی گەیاندین.

## ئەنجام

ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکە، پێی گەشتوە، لەم خاڵانەی خوارەوەدا، دەیانخەینە ڕوو:

١– لەڕوی ڕوخسارەوە، پەندی پێشینان تایبەتی زمانی خۆی هەیە و لە ژانەرەکانی تری ئەدەبی فۆلکلۆر جیای دەکاتەوە، بەتایبەتی، لە توانایدایە، بەشیعر دەرببردرێت.

٢– لە روی ڕۆنانەوە، پەندی پێشینان، بەگشتی فۆرمی ڕستەیان هەیە، لە هەموو جۆرەکانی ڕستە ( سادە، لێکدراو، ئاوێتە) پێکدێت، و ڕستەی ئاوێتەش ڕێژەی زۆرینەیان پێکدێنی.

٣– بەو هۆیەی پەندی پێشینان، بەڕێژەیەکی بەرچاو، لە کردەی ئاخاوتنی ڕۆژانەدا، بەکاردێت، سەرەڕای ئەوەی ڕۆنانی ڕستەکان، گۆڕان و کرتاندن و کورتکردنەوەیان، بەسەردا هاتوە، کە بەشێکی پەیوەندی، بە بنەمای ئابوریکردن و کورتکردنەوە و خێرایی گەیاندنەوە هەیە، بەڵام گوێگر هەر لەگەڵ دەرکەوتنی سەرەتای پەندەکە، لە مەبەستی قسەکەر دەگات.

٤– نیشانە پراگماتیکییەکان، بە هەر چوار جۆرەکەیانەوە، لە ڕۆنانی پەندی پێشینانی کوردیدا، بەشدارن و لایەنێکی گرنی بەکارهێنان پیکدێنن.

٥– هەر وەک چۆن پراگماتیک خۆی دەتوانرێت، بە هەردوو، لایەنی باش وخراپ، بۆ مەبەستی مێشکی قسەکەر کەڵکی لێ وەربگیرێت، بەو جۆرەش نیشانە کۆمەڵایەتییەکانی پەندی پێشینان، دەتوانرێت، بۆ هەر دوو مەبەستی ڕیز و شکاندن، کەڵکی لێوەربگیرێت و ئەمەش، لە ئاخاوتنی کوردیدا، چالاکە و دەوروبەری قسەکردن ڕونی دەکاتەوە.



**DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper1 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021**

# Proverbs, A syntax-pragmatics perspective (Analyzes Kurdish proverbs)

**Sherko Hama Amin Qadir**
Kurdish Department, College of Sharazoor Education, University of Halabja, Halabja, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** Sherkohamamin@gmail.com

**Abstract:**

There is a lack of studies in folklore genre in terms of linguistics, and the field has been underestimated. From this perspective, this study entitled (Proverbs in terms of syntax and pragmatics) is done. The study consists of two parts and descriptive method is applied.
The first part of the study focuses on proverbs, their features and comparison with some other folkloric genres. The second part of the study is the practical part that discuss the forms of the Kurdish proverbs and their sentence structure. Then, the pragmatic signs and their task in the proverbs are argued with examples. Finally, the results, the references and the abstract are shown.

**Keywords:** Proverb, Pragmatist Sing, Analyze.

## سەرچاوەکان:


ئیبراهیم ئەحمەد، (مینا، فەرهەنگی لێکچواندن، لە پەندی پیشیان و قسەی نەستەقدا)، زانکۆی کوردستان- سنە، ١٣٣٣.

بێستون حەسەن ئەحمەد، کۆمەڵە وشە و پێکەوەهاتن لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی لەریا، سلێمانی، ٢٠١٢.

...................، لێکدانەوەی سیمانتیکی و پراگماتیکی دەربڕاوە چەسپاوەکان، لەزمانی کوردیدا، سلێمانی، ٢٠١٨.

سەباح ڕەشید قادر، هەندێ لایەنی دەسەڵات و بەستنەوە (GB) لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٩.

شێخ محمدی خاڵ، پەندی پیشینان،کوردستان، ١٩٨٤

شوکریە ڕەسوڵ وئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، هەولێر، ١٩٨٩

عەلی مەعروف شارەزوری،پەندی پیشینانی کورد، بەغدا، ١٩٨١٦

عیزەدین مستەفا رەسوڵ، لێکۆلینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپخانەی ئاراس،هەولێر، ٢٠١

کاروان عومەر قادر، ڕستەی باسمەند لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی تیشک، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٨.

کوردستان موکریانی، سینتاکسی ڕستەی سادە، بەغدا، ١٩٨٦

..................، سینتاکسی ڕستەی کوردی، هەولێر، ٢٠٠٠

محمد معروف فتاح، زمانەوانی ، لەبڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠١١

هۆگر محمود فرەج، پراگماتیک و واتای نیشانەکان، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی ٢٠٠٠

Yule, George, pragmatics, oxford university, press, 1996.